## دەستپێشخەری لە کڕینی زەویوزار بە مەبەستی پلاندانان Premptive Right by Land Areas

شارەوانی مافی کڕینی زەویوزاری هەیە لە پێش هاوولآتیاندا، ئەگەر بۆ بەرژەوەندی گشتی پێویست بێت.

بەپێی یاسای ژمارە 44/1935 دائیرەی تاپۆ کاتێک زەوییەک لەسەر خاوەنەکەی تاپۆ ئەکات، ئەگەر شارەوانی بە نووسراوی تایبەت، دائیرەی تاپۆی ئاگادارکردبێتەوە، کە ئەو پارچە زەوییانە ناکڕێت و نیازی کڕینیانی نییە.
ئەمەش بە مەماهەنگی لەگەڵ دائیرەی خانووبەرە و شارەوانیدا ئەکرێت.

لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا مافی شارەوانیە، زەوی بکڕێتەوە لە خاوەنەکەی پێش هاوولآتیان:

- لەو ناوچانەدا کە سارەوانی پلانی ئەساسی بۆ داناون،
- لەو نێوانەدا، کە زەوییەکانیان لەیەک ئەدرێن،
- لە ناوچەکانی دەرەوەی ژێر دەستەلآتی شارەوانی، واتە دەرەوەی شار، کە گوونجاون بۆ کاری درووستکردن تیایاندا و لە پلانی ئەساسی گەورەکردنی شاردا ئاماژەی پێدراوە.

ئەگەر یاسا ڕێی بەم مافی کڕینی زەویوزارە دا بە شارەوانی، ئەوا شارەوانی وەک خۆی جێبەخێی ئەکات و لە دائیرەی تاپۆ ئەیکات بە ناوی خۆیەوە، بە پێچەوانەوە کار بە یاساکە ناکرێت.

Saiwani